# کادەك و تیرۆریستانی بەرەی تورکمانی دوو داشی یەك دامەن

گۆران محەمەد

لە سەروبەندی بەرپابوونی شەڕی گۆڕانکاریی لە عێراقدا؛ کادەك بانگەوازی شکاندنی ئاگربەستی کرد و بەرەی تورکمانیش قۆڵی ناشەریفانەی بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستیی هەڵماڵیوە.

بە پێی نێوەندە سیاسییەکانی کوردستان؛ شاندی کورد لە جڤینی ئەم دواییەی تورکیا لە گەڵ نوێنەرانی ئەنقەرە و واشنتن و بە بەشداریی سەنعان قەساب؛ بەرهەڵستکاریی توندیان لە هەمبەر هاتنی سوپای تورکیا لە کاتی بەرپابوونی جەنگدا نیشان داوە، ئەگەرچی پێ دەچێت ئەمەریکا داوای لە هەموو لایەنەکان کردبێت چارەسەرێکی ئەوتۆ کە هەموان پێی رازیی بن بۆ پرسی هاتنی سوپای تورك بدۆزنەوە، لێ وێدەچێ کورد ملی بۆ چاوچنۆکیی تورکیا نەدابێت.

هێشتاش دەنگ و سەدای نێو هۆڵەکانی کۆبوونەوەی ئەنقەرە کپ نەبووبوونەوە تۆڕێکی تیرۆریستیی سەر بە بەرەی تورکمانیی کە بە نیازی ئەنجامدانی چەند کارێکی تیرۆریستییانە بوون؛ دەستگیر کران، لە سەرێکی دیکەشەوە کادەك بانگەوازی شکاندنی ئاگربەستی راگەیاندووە.

ئەگەر بێتو هەرسێ رووداو ( کۆبوونەوەی ئەنقەرە، جموجۆڵی بەرە، ئاگربەست شکاندنی کادەك) بە یەکەوە ببەستینەوە؛ ئەوە یەك ئەنجام دەمێنێتەوە ئەویش رێگەخۆشکردنە بۆ هاتنی سوپای تورك بۆ کوردستان، چونکە بەرەی تورکمانی بە پشێویی نانەوە دەتوانێت وێڕای زیانگەیاندن بە ئەزموونەکەی کوردستان؛ بانگەشەی نائەمینیی بکات و بۆ پاراستنی تورکیا بپاڕێتەوە، کادەکیش کە ئێستا بریاری شکاندنی ئاگربەست دەدات، ئەوە بێگومان دووبارە ئەو بەهانەیە دەداتەوە دەست تورکیا کە هەمیشە سوپاکەی پێناردووەتە باشووری کوردستان.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئەوە زانیمان بەرەی تورکمانی مەقاشێکی تورکیایە لە فووڵایی کوردستاندا، ئەی دەبێ کادەك بۆ لەم ئان و ساتەدا بڕیاری شکاندنی ئاگربەست بدات، کە باش دەزانن ئەو بڕیارە بە زیانی کوردە نەك هەر لە باشوور بەڵکوو لە تەواوی بەشەکانی کوردستان؟ کادەك خۆیان بە خاوەنی گوتارێکی نەتەوەیی گشتگیر دەزانن، کەچی رێ بۆ داگیرکردنی باشووری کوردستانیش لە لایەن سوپای تورکیاوە خۆشدەکەن.

ئەم هەڵوێستەی کادەك یەك مانا دەبەخشێت، ئەویش ئەوەیە: پێدەچێت سەرچاوەی فرمانەکانیان لە گەڵ بەرەی تورکمانیدا یەك بێت.

goransalih@hotmail.com

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... 15-1-2003